# ئەم مامەڵە توندە لە پای چی ؟
# ڕەخنەیەکی بەجێ و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم

ڕۆژی شەممە2007/02/10 کاتژمێر 10 ی سەر لە بەیانی گەیشتمە ئیبراهیم خەلیل و لەگەڵ یەکدوکەسی تردا ئوتومبێلێکمان بە کرێ گرت تا بەنباتە دیاربەکر ، کە چووم پاسپۆرتەکەم مۆربکەم ، داوای ئیقامەیان لێکردم ، ئەمە شتێکی نوێ بوو بۆ من ، بەتایبەتی پێشتر چەندجارێک بەو شوێنەدا هاتوومەتە ناوەوە و چوومەتە دەرەوە بێئەوەی کەسێک پرسیاری ئیقامە لەمن بکات . ئەگەر بشمزانیبا شتی واهەیە ئەوا هەر زوو لە ماوەیەکی کورتدا لە سلێمانی جێبەجێم دەکرد و خۆم تووشی ئەم سەریەشەیە نەدەکرد ! . کارمەندەکان پاسپۆرتەکمیان ناردە لای بەرپرسەکەیان کە لە قاتێکی سەروو خۆیان دادەنیشت ، ئەویش وتبووی با بگەرێتەوە بۆ سلێمانی ئیقامە بکات . ناچار خۆم چوومە لای ، کوڕێکی لاوی تازەپێگەیشتوو بوو ، بەگەرمی سڵاوم لێکرد ، بەڵام ئەو بەساردی وەڵامی منی دایەوە و فەرمووی دانیشتنی لێنەکردم بە تایبەتی من لە تەمەندا بە باوکی ئەو دەشیام و بەکوردیش قسەم لەگەڵدا دەکرد و وتم : براگیان من شەش سەعاتە بە ڕێگاوەم ، شەتەک و ماندووم ، بەهۆی نەخۆشی شەکرە و فشاری خوێن و فەقەراتەوە ئەمڕۆ باری تەندروستیم باش نییە و ئازارم هەیە ، دوو بلیتی تەیارەم هەیە ، ( دیاربەکر ـ ئەستانبوڵ ، ئەستانبوڵ ـ ستۆکهۆڵم ) ، ئەگەر ڕێگەی سەفەرم لێبگری ئەوا هەردووکیان دەسووتێ و زەرەرێکی زۆردەکەم جگەلە مەسرەفی ڕێگاو تاکسی و ئوتێل و ماندوبوون و .....تاد جا پیاوی چاک بە یەکێک لەمانەی خوارەوەم لەگەڵدابکە و ئەو ڕێگە دووروو درێژە مەخەرە بەرمن :

یەکەم / یان پیاوەتیم لەگەڵدا بکە و بە کارمەندەکانت بڵێ پاسپۆرتەکەم مۆربکەن و بۆ تۆ هیچی تێناچێ و هیچ کەس و لایەنێکیش تووشی زەرەر نابن و لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکەن .

دووەم / یان وەکوو هەموو وڵاتێکی تری دنیا غەرامەم لێبسێنە و وابزانە هاوڵاتییەکم و پێشێلی یاسام کردووە ، خۆمن تاوانبارنیم بە شتێک و هیچ تومەتێک نەخراوەتە پاڵم تا بەو شێوەیە مامەڵەم لەگەڵدا بکەیت و مەنعی سەفەرەکەم بکەیت .

سێیەم / یان پەیوەندی بکە بە بەرپرسێکی سەروو خۆتەوە بەڵکوو پێکەوە بڕیاری دەرچوونم بدەن.

وەڵامی کوڕە لاوەکە زۆر ڕەق و بێتام بوو ، ڕێزی تێدا نەبوو کە وتی : من لە یاسا لانادەم و ناتوانم هیچ لەمانە بۆتۆ بکەم و بڕوابکە هەتا بەیانی لێرەدا بوەستیت هیچت بۆ ناکەم و دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ دهۆک یاخود هەولێر و سلێمانی !!

وتم : کاکە ئاخر ئەمڕۆ ڕۆژی پشوودانە و کەس لە جێی خۆی نییە ! وتی : نـا نـا لە دهۆک تاسەعات 3 ی دوای نیوەڕۆ کاردەکەن ، ئێستا بڕۆ بە سەعاتێک کارەکەت جێبەجێ دەبێت ! .

بەهەرحاڵ کەزانیم ئەم لاوە لەو کەسانەیە تام و چێژ لە باری خراپی تەندروستی من و زەرەری مادی و دواخستنی سەفەرەکەم و ماندوبوونی من وەردەگرێ و نایەوێ پیاوەتیم لەگەڵدا بکات ، بە ناچاری ژوورەکەیم بەجێهێشت و بە نقە نق و شەلەشەل جانتاو کەلوپەلەکانم گواستەوە بۆ ناو تاکسییەکی تر و بەرەو دهۆک کەوتمە ڕێ و بە شۆفێرەکەم وت : پیاوی چاک بە من شارەزای دهۆک نیم و یارمەتیم بدە بەڵکوو ئوتێلێکی باش بدۆزینەوە  و ئەویش وەهای کرد ، بەڵام بۆ بەختی من بەهۆی کەم کارەباییەوە گەرمایی لە ئوتێلەکەدا زۆر کەم بوو ، هەتا بەیانی لەسەرماندا هەڵلەرزیم .

ڕۆژی دوای ئەوە بەهۆی برادەرو کەسێکی ناسیاوی جوامێرەوە کە خەڵکی دهۆک بوو ، پێشتر لە سوید و ئێستایش لە کوردستان دەژی  ، کەسێکی ناسراو لای سەرکردایەتی پ.د.ک ، ڕووبەڕووی کەسێکی تر بوومەوە کە کاربەدەستانی دهۆکی دەناسی و ئیقامەکەی بۆ جێبەجێکردم  و ڕەوانەی ئیبراهیم خەلیلی کردمەوە ، چونکە برادەرەکەم ئەو کاتە لە مەسیف سەلاحەدین بوو  ( ماڵی هەموویان ئاوابێت ) بەڵام پاش زەرەروزیان و هیلاکبوون و هاتوچۆیەکی زۆر کە نەدەبوو وای لێبێ ، خۆ ئەگەر ماڵ و منداڵم لەگەڵ بوایە ئەوا هەر زۆر ناخۆشتر دەبوو .

بۆیە چاکتر وایە کەسانێک لەو شوێنانە دابنێن کە شیاوبن بۆ ئەو کار و شوێنە و شارەزای باری ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، سایکۆلۆژی خەڵکیی بن و بە شێوەیەکی ئیجابی بەرەوپیری خەڵکی بچن و باوەشیان بۆ بگرنەوە و کێشەکانیان چارەسەربکەن ، فۆرمی چاپکراو لای خۆیان دابنێن بۆ ئەو کەسانەی پاسپۆرتی بیانییان پێیە و لەکاتی هاتنە ژوورەوەدا بیاندەنێ و ئاگاداریان بکەن لە هەموو تەعلیماتێکی تازە دەربارەی ئیقامە وشتی تر  ، هەروەها باشتر وایە کە سیستمی غەرامە دابنێن بۆ ئەم حاڵەتانە ، ئەگەر نا با پیاوەتی بکەن و ڕێگە لە خەڵکیی نەگرن چونکە لەوانەیە هەموو کەس پارەی زیادی پێ نەبێ و دەرەقەتی ئەو مەسرەفە زیادەیە نەیەت و تووشی سووکایەتی ڕەزیلی ببێ.

**لەدواجاردا رووی دەمم دەکەمە بەرپرسە حکومی و حزبییەکان و دەڵێم : فەلسەفەو سەرکەوتن چی بوو لەوەی ئەو برادەرە وەهای کرد لەگەڵ مندا و ئازاریدام و نزیکەی ملوێنێک دینار پارەی پێ خەرج کردم جگە لە هاتووچۆو وەرەو بڕۆو ماندووبوون و دواخستنی سەفەرەکەم ؟! ئەو بەمە توانی چ سەرکەوتنێک تۆمار بکات بۆ گەل و نیشتمانەکەی ؟! من بەش بە حاڵی خۆم زۆر دەمێکە**

له دەرەوەی وڵات دەژیم و سەفەری زۆر وڵاتم کردووە ، هەر لە ئەمەریکاوە بیگرە هەتا ئەروپاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەفەریقا ، کەچی ئەمە یەکەمین جارە لەژیانمدا و لە وڵاتی خۆمدا هاوڵاتییەکی خۆم وەها ماڵەلەم لەگەڵدا دەکات و سەفەرم لێدەکاتە ژان و ئێش .

کاتی ئەوە هاتووە پاکسازی و چاکسازی ئەم جۆرە کەسانەش بگرێتەوە .

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم

**2007/02/22**